# مەرگەساتی ئەنفال و سوێندی یاسایی

تایەر حاجی حەسەن- هۆڵەند
Hanskk_01@hotmail.com
2006/10/17

**کارەساتی کۆمەڵکوژی میللەتی کورد لە هێرشی بەدناوی ئەنفال و تەنها لە بەر کورد بوون، ناوەڕۆکی پێناسەو شەڕی وەحشیانەی بەربەریەتی ڕژێمی فاشستی سەرمایەداری بەعس بوو، هاوشێوەی ئەوکاولکاری و قەتڵ و لە نێوبردنانەی سەردەمی فتوحاتی جیهانی ئیسلامی وابوو، کە بەنایەتی (ئەنفال) هێزی بە بزوتنەوە کۆنەپەرستیەکەی خۆی دەبەخشی بۆ بەهەیمەنە کردنی ئیمپراتوریەتێک لە مێژووی خۆیدا.**

ئەو خاڵەی زۆر جێگای سەرنج و تێڕامانی منە لە نێو دانیشتنەکانی دادگایی کردنی سەرانی بەعسدا، سوێندی یاسایی خواردنە بە شاهیدەکان یان شکایەتکارەکان. وەک ئەوە وایە تۆ ڕوداوی تێهەڵچوونی نێوان دووکەس نیشان بدەیت و، دادگییان بکەیت لەسەر ئەوەی ئایا بەڕاستی ئەو تێهەڵچونە ڕوویداوە لە نێو ئەو دووکەسەدا!

ڕووداوێک کە ناتوانرێت بە چ دەربڕینێک باسی بکرێت و ئەوکارەساتە پڕلە نامرۆڤانەیە چۆن بگێڕدرێتەوە، دەکرێت هێشتا پێویست بەوەبکات ئەم کەسە پەنگ خواردوو جگەرسووتاوانە سوێند بدرێن بە ڕاستی ئەوەی بینیویانە بیڵێنەوە؟ ناکرێت واقعیەتێک لە نێو ئەم دادگایەدا ببینرێتەوە، چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت ئاهێک و هەناسەیەکی ڕەوینەوەی خەمەقوڵەکان کەم بکاتەوە!

کۆمەڵکوژی سڤیلی گوند نشینانی دەرەوەی شارەکانی کوردستان، هەر لە گەرمیانەوە تا دەگات بە هەڵەبجە و بارزان، شاهێدحاڵێکن تەنانەت چ چاوێکی کوێرو چ مێشکێکی پوتیش ناتوانێ حاشاهەڵگری نێو ئەم ڕووداوە جەرگ بڕەی کۆتایی سەدەی بیست بێت.

تەواوی ئەو ئینسانە سادەو ماندوو شەکەتانەی ئەمڕۆ لە نێو دادگادا دەبینرێن و ڕووداوە تاڵ و نامرۆڤایەتیەکان دژیان ئەنجام دراوە دەگێڕنەوە، دەلیلی تەواوی وەحشیەت و دڕندایەتی نیزامێک دەردەخات کە نایەکسانی خوازی و، پەروەردەی بەخوێن ڕشتن و فاشیزمێکی دواکەوتوی نێو کولتووری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەیان دەکات. کارەساتی دێوەزمەئاسای ئەنفال لە نێوهەناوی ڕژێمی پڕلەقەیران و قین خواردووی **(هیتلەر)** ئاساو هاوشێوەکانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەشێکن لە دەرهاویشتەی تەواوی سەرکردە نەخۆش و ترسنۆکەکانی نێوجیهانی سوونەتی دیکتاتۆریەت و ڕژێمە تۆتالیتارەکان.

ڕووداوی ئەنفال دەکرێت لە مێژوودا، وەک پەڵەیەکی ڕەش و دوور لە هەربەهایەکی ئینسانی بدرێت بەنێوچاوانی دروستکەرانیدا.

**گۆڕەبەکۆمەڵەکان و زیندانە ترسناکەکان باشترین شایەدحاڵ و گێڕەرەوەی ئەم ڕووداوە نامرۆڤانەیەن. ئەگەر بکرایە، هەستیارترین و باشترین جێگاو ڕێگاچارە بۆ دادگایکردنی ئەم جەللادانە، خودی نێوگۆڕەبەکۆمەڵەکان و نوگرەسەلمانە، نەک لەنێو دادگایەکی داخراو، دوور لە جێگای ڕووداوەکان. بەئامادەبوونی ڕزگاربوانی نێوئەم پرۆسە بەدناوەو لێژنەیەکی بێلایەنی ناوخۆ و نێونەتەوەیی، دواتر باڕاستیەکان لەوێوە بێنەوەلام؟**

ڕزگاربوانی نێو ئەم مەرگەساتە هەزارویەک دیمەنی دڕندانە لە نێومێشک و خولیایاندا تۆماربووە، کە بەپێنووسی نووسەران و ئەدیبانیش ناتوانرێت سەرگوزشتەی ئەم ڕووداوە بنەخشێنرێت! چوون کاراکتەرێکی واقعی و بەرجەستە، هەرئێستا زیندو وەک لاشە، مردوو وەک ئومێد بەژیان، لە نێوگۆڕەپانەکەدا هاواردەکەن،

خەوخەیاڵیان لە نێو لاکەوتەی و بێژیانی ئەم وەختەیان و، خەمی لەدست چووی هەرچی ئازیزانیان هەیە، بووە بەو کۆستە گەورەیەی، کە دەسەڵاتداران دەبێت لە ئاستیاندا شەرمەزاربن!
بەچ هەقێک دەکرێت سوێندی یاسایی ئەم ئینسانە ڕووت و ڕەجاڵانە بدرێت لە نێودادگادا کە درۆنەکات و ئەوەی دیویەتی تەنها ئەوە باس بکات. سیفەتی درۆکردن و ساختەچیەتی تەنها پیشەی دەسەڵات و دەسەڵاتی ناڕەوایە، پیشەی سیاسەت مەدارانی ئەم سەردەمی چەوساندنەوە و قازانج پەرستیەیە؟ ئینسان گەلێک تەنها تەعبیری نێو دەموچاو جەستەی هیلاک بوویان، شاهیدی مێژوویەک لە بەرائەت و غەدرلێکراو بەیان دەکات، چۆن دەتوانن درۆبکەن؟
لێرەدا ئەم دادگایە هێشتا بە پێی پێویست و پێوەرێکی ئینسانیی نەیتوانیوە ئەم کارەساتە و تەواوی کارەساتە ڕوخێنەر و برسیهێنەرەکانی سەردەمی ئەم جەللادانە ئاشکرا بکات.

ڕژێمی دڕندەی بەعس لەمێژووی خۆیدابەغەیری جینۆسایدکردنی کۆمەڵگەیەک و هێنانی شەڕە بەردەوامەکانی چ بەرهەمێکی پۆزەتیفی نەبوو. بەڵام بەداخەوە بوونی پارتە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق ڕەنگدانەوەی ئاستی نزمی هوشیاری کۆمەڵگەی عێراقییە، لە هێنانی شەڕی بێوچانی نێو دیاردە کۆنەپەرستیەکان و کوشتنی بێکۆتایی ئینسانانی سڤیل. ئەمە ڕەنگدانەوەی دووبارە بوونەوەی تێزو سیستمی بەعس ئاسایە کە ڕۆژانە دەبینرێت! بە پەیوەست بوون بەکایە دەرەکیەکان لە نێو ململانێی ستراتیژی ئەمریکی بۆ ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی چواردەور بەگشتی. واخەریکە پێگەی بەعسیزم خۆی دەسەپێنێتەوەو کۆمەڵگە دەخزێنرێتە نێو تیۆریەی تەنها بەعس دەتوانێت حوکمڕانی وڵات بکات؟ ئەم تێزە بەگشتی دەربڕینێکی خەتەرناکەو، نیشانی دەدات بەڕێوەبەرانێک ئەمڕۆ لە نێوجلەوی دەسەڵاتی حوکمدان، سەڵتەنەت خوازانێکن پێکهاتوو لە نێوچینی کۆنەپەرستان و شۆڤێنیستەکانی عەرەب، بۆیە پێگەی ئەم کۆمەڵگەیە هەرچی ئومێدی داهاتوویەکی هێمن بێت نابینرێت، باماناى ئەگەری زیاتری ئەنفال کردن و ڕوودانی کارەساتی نامرۆڤانەی زیاتر!

ئەوەتا بەڕوونی سەرانی ئەسڵی نێو ئەم مەرگەساتە دێن بەرگری ڕەوا لەخۆیان دەکەن و هێشتا بە شوێن ئەو دەرئەنجامەوەن کە بوونی ئەم ڕووداوە واقعی نیەو دوورە لە ڕاستیەوە. دێن ڕەخنە ئاراستەی شایەد حاڵەکان دەکەن و دەیانەوێت بە درۆیان بخەنەوە. ئەم جەللادانە لە نێو گەمەی ئەم دادگا ئەمریکیەدا لە هەوڵی سەرکەوتنی خۆیاندان. سەدام و عەلی کیمیاوی و هەڵگرانی نێو ئەم ئایدۆلۆژیا نامرۆڤانەیە وابڕوات لە دادگادا دەیبەنەوە! ئەمەش نیشانەی نەبوونی دادگایەکی ڕەوایە.
خاڵێکی لاوازی دیکە، ئاستی بەتەنگەوە نەهاتنی ئەمڕۆی دەسەڵات دارانی کوردە، چونکە هەوڵەکانیان زۆر بچوکتەرە لە ئاستی ئەم کارەساتەدا، پێم وایە خوازیاری ئەوەن هەرچی زووە ئەم دادگاییە تەوابکرێت و ئەم ڕووداوە سەرببینرێتەوە. ئەگەر وانیە هۆکاری چییە تائێستاش ڕزگاربوانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، لە نابووت ترین شێوازی ژیاندا ئەوەی تەمەنیان ماوە دەیگوزەرێنن؟
سوێند خواردن بەیەزدانی مەزن و درۆنەکردن بە بڕوای من تەنها سوێند خواردنە بە خوای سەپاندنی دنیایی ناڕەوایەتی و شاردنەوەی هەرچی ڕاستیەکان و چەوساندنەوە بێئەندازەکانە. لە پرۆسەی بەدناودا بە دەیان و سەدان ئافرەت ئیختیساب کراون و سەدان منداڵ بە بەرچاوی حەجاج و دڕندەکانی هاوشانیەوە لە برسا مردبوون، لاشەکانیان بەدەم سەگە ڕەشی حەجاجەوە شوین بزر دەبوون، ئەبێ چ سوێندێک و چ یەزدانێک لە بەرانبەر ئەم دیمەندا بتوانێت خۆی ڕابگرێت، یان دەبێت بەچۆکدابێت و کڕنۆشی پەشیمانی بنوێنێت؟